ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی، زانست و ئیمان
پەیامی قیبلە

# پەیامی غەریبی

ئامادەکردنی:
قیبلە

٨

# پەیامی غەریبی

## د حەسەن پێنجوێنی:
## ئەو پیاوانەی خێزانەکانیان بەجێ دەهێڵن و ڕوو لە ڕۆژئاوا دەکەن حەرامە لە شەش مانگ زیاتر بمێننەوە

ئامادەکردنی:
قیبلە

پەیامی قیبلە

ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتێب: پەیامی غەریبی

نوسەر: قیبلە

دیزاینی ناوەوە و بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (        )ی ساڵی (        )ی

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی ئامادەکار:

بەهۆی سودی تاکە کەسی و مەرامی تایبەتەوە زۆر لە ڕاستیەکان بە بەردەوامی دەشێوێنرێت و پەردەی ڕەشی بەبەردا دەکرێت، هەندێ جاریش بەبێ گوێدانە مافی بەرانبەرەوە پشتگوێ دەخرێت و هەروەك زۆرجاریش بە ستەمیش دەکرێت.

کۆچکردن پیشەیەکی کۆنی مرۆڤایەتیە کە بۆ مەرامی جۆراو جۆر هەر لە مێژەوە کراوە هەربۆیە دەبینین دەستوورو ڕێنومایی تایبەتی خۆشی هەیە لە گشت وڵاتاندا، بەڵام بەهۆی دۆخی جۆراو جۆرو هەندێك جار نالەبارەوە زۆرێك لە ڕاستیەکان پشتگوێ دەخرێت، ئێمە بە ئیشی خۆمانمان زانی ڕووی شەرعی ئەو کۆچکردنانەی کە لە کۆتایی سەدەی ڕابوردوو سەرەتایی سەدەی تازەوە وەك دیاردەیەك گەنجانی وڵاتەکەمانی گرتەوە بخەینە ڕوو، وەك بەرچاو ڕوونیەکی شەرعی و هەتا یاساییش کە چۆن ژیان بگوزەرێنن لە وڵاتانی نا ئیسلامیداو چاویان لە چ بێت لە داهاتوودا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو کەس و لایەنانەی کە مافیان دەکەوێتە سەریەك.

ئەو موسوڵمانەی لەوڵاتی خۆیەوە لەترسی ستەم و بێدادی هەڵدێت و ڕوو دەکاتە یەکێ لەوڵاتە ڕۆژئاواییەکان، دەبێ بەنیازی کاتی لەوێ بمێنێتەوە نەك بۆ هەمیشەیی

## دەستپێك:

گەر بێت و سەرنجێکی ووردی فیقهی ئیسلامی بەین دەبینین زۆر جار گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەپێی کات و شوێن، بۆ نمونە ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە عێراق فەتوایەکی هەبوو وە لە میسر فەتوایەکی تر، ئەمەش بۆ یەکێ زانیاری لەسەر ئیسلام نەبێت ئاسان نی یە لێ تێگەشتنی وە لەوانەیە ناوزەندی بکات بەچەندەها شتی جۆراو جۆر! بەڵام لە ڕاستیدا خوای گەورە نەیویستووە هیچ بۆشایەك بۆ مرۆڤەکان نەمێنێ، بەڵکو ئەو مەجالەی پێداون کە بیری خۆیانی تێدا بەکار بهێنن، هەرچەند خوای گەورە پێویستی بەو هەوڵەی ئێمە نی یە بەڵکو بۆ زیاتر چێژ لە ژیان و جولانی مرۆڤەکان وازی لێ هێناوەو وە ئەمەش بەشێکە لە تاقیکردنەوەکان، هەروەك چۆن دەبینین زۆرێك تێیدا سەرنەکەوتووەو تەفسیراتی جۆراو جۆری بۆ دەکات! لەناو ئەوانەشدا کۆمەڵە کەسانێك لەگەڵ ئەو کێشمەکێشمەدا ئەسپی خۆیان تاو دەدەن و لەزەتێکی تایبەتیشیان لێ وەرگرتووە سەرەڕای ئەوەی کە سەرکەوتووش بوون لە تاقیکردنەوەکەدا، هەرچەند تارادەیەك دەتوانیم بڵێم لەم سەردەمەدا لە ڕوانگەی فیقهەوە ئەو پێشکەوتنە کەمتر دەبینرێت هەربۆیە ناچار دەبین کە بەردەوام بگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو فیقهانەی کە پێشتر دانراون، ئەڵبەت من لێرەدا هیچ لە ئەرکی ئەو فەقیهانە کەم ناکەم و شایەنی ڕێزو سوپاسن و کاری خۆیان کردووە، بەڵام هەروەك چۆن لەسەرەتاوە ووتمان زۆر جار فیقهی ئیسلامی گۆڕانی بەسەردا هاتووە زیاتر لەو ڕوانگەوە ئەم پرسیارانە سەرچاوە دەگرێ، دەبینین لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانەی کە

دوای ئـەو فەقیهـە بەڕێزانـە هاتـووەە کـە بەنـاو بانگـن بـە چـوار مەزهەبەکـە، نەمـان بینیـوە هیـچ فیقهێکـی تـر موسـتەقیل بـوو بێـت وەك ئـەوان، هەرچەنـد فەقیهـی تـری زۆریـش بـوو بـن دوای ئـەوان، بـەڵام فیقهەکانیـان لەگـەڵ خۆیانـدا ڕۆشـتوون ئەویـش بەهـۆی هـۆکاری جـۆراو جـۆرەوە بـووە، بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا زیاتـر مەبەسـتە دەبـوو کۆمەڵێـك دروسـت ببوایـەن و هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە تـازە دێنـە ئاراوە بۆچونـی بەهێـزی لەسـەر بووترایـە بەشـێوەیەك وەك ئیجـماع خەڵـك تێـی بڕوانایـە، بـەڵام لەبـەر نەبوونـی ئـەو ئیجماعـە سـەردەمیە ئێمـە مانـان زۆر جـار ناچـار دەکات پەنـا بـۆ زانایەکـی تایبەتـی ببەیـن بـۆ پرسـیار کـردن لێـی لـە ئـەو پرسـیارانەی کـە هاتوونەتـە ئـاراوەو وە فەتوایەکـی تایبەتـی نـی یـە لەبارەیانـەوە، وە ئـەو زانـاش کـە پەنـای بـۆ دەبرێـت تەوفیقـی هەمـوو کرادارەکانمـان بـۆ بـکات و ئێمـەش لـەو گێـژاوە بهێنێتـە دەرەوە. زۆر پرسـیارێك هەیـە کـە زۆرێـك لـە جاریـەی کـوردی لـە ئەوروپـاو ئەمەریـکاو وواڵتانـی نـا ئیسـلامی پێـوەی دەناڵێنـێ و هـەر کەسـەو شـتێکی دەربـارەی دەڵـێ، هـەر بۆیـە پێـم بـاش بـوو ئاراسـتەی کەسـایەتی زۆر بەڕێـزو زینـدوو لـە دڵەکانمانـدا مامۆسـتای بەڕێـز دکتـۆر حەسـەن پێنجوێنـی بکەیـن بـە ئومێـدی ئـەوەی هەمـوو ئـەو پرسـیارانەمان بـۆ بڕەوێنێتـەوە، ئێمـەش کاری لەسـەر بکەیـن و چیـتر وێـڵ نەبیـن بـەدوای وەڵامەکانیانـدا. لـەو کاتـەدا کـە ئـەم پرسـیارانەمان ئاراسـتەی مامۆسـتای خۆشەویسـت کـرد قـەدەری خـوای گـەورە وابـوو مامۆسـتا لـە سـەفەری کوردسـتان بـوو، زۆر سـەرقاڵ بـوو، هـەر بـە هەمـان شـێوە ئـەو کاتـەش کـە مامۆسـتا وەڵامەکانـی بـۆ ناردینـەوە منیـش لـە کوردسـتان بـووم بەهەمـان شـێوەی بەڕێزیـان سـەرقاڵ بـووم، کـە هەمـوو ئەمانـە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە درەنـگ بڵاوبکرێتـەوە، وەگەرنـا هـەر زۆر زوو دەکەوتـە بەردەسـتی بەڕێزتـان

وه هـۆی بـاس كردنـی هەمـوو ئـەم شـتانە ئەوەیـە كـە پێـمان خـۆش بـووە بـەردەوام كارەكان لەكاتـی خۆیـدا بكرێـت و زۆر پێـوەی نەناڵێنیـن بـە ئومێـدی ئـەوەی كـە هەمـوو كارەكانمـان لـەو چوارچێـوەی كـە پـەروەردگار داینـاوە نەچنـە دەرەوە، ئـەو پرسـیارانەی كـە هەڵـمان بـژاردوون هەموویـان زۆر جـار لەلایـەن زۆرێكـەوە بـەردەوام دووبـارە بووەتـەوە جـا بـۆ ئـەوەی لـەو تەنگژەیـە بێینـە دەرەوەو چیـتر هـەر لـەو بازنەیـەدا نەخولێینـەوە، وە هەوڵـی شـتان گەلێكـی تـری گرنـگ بدەیـن، وە مامۆسـتاش خـوای گـەورە خێـری بنوسـێت وەڵامـی یـەك بەیـەك پرسـیارەكانی داینـەوە بـەم شـێوەیە:

**پرسـیاری یەكـەم: - وەك لای بەڕێزتـان ئاشـكرایە ڕەونـدی كـوردی لـە وڵاتانـی دەرەوەو زیاتـر لـە ئەوروپـا بەشـێوەیەكی ئاشـكرا دەبینرێـن، ئامـۆژگاری بەڕێزتـان چییـە بۆیـان؟**

وەڵام : پـاش سـوپاس بـۆ خـوداو سـەلات و سـەلام لەسـەر گیانـی پاكـی پێغەمبـەر و ئـال وئەسـحابی

پێـم خۆشـە ئـەوە بەهاوڵاتیـان وهاوزمانانـی خۆشەویسـتم بڵێـم: كـە دووربوون لەخـاك و نیشـتمان خـواو خاكەكەیـان لەبیـر نەباتـەوە، كەسـایەتی ئێمـە بـە ئایـن و نەتەوەكەمانەوەیـە، لەمێـژوودا میللەتانـی تـر زۆرن كـە ئـاوارەو پـەرت و بـڵاو بوونەتـەوە، ئەوانـەی پارێزگارییـان لـە ئاینەكەیـان كردبـێ پارێزگاریشـیان لـە زمانەكەیـان كـردووە، بـەڵام ئەوانـەی پارێزگارییـان لەئاینەكەیـان نەكردبـێ زمانەكەشـیان لەدەسـت داوە.. بۆنموونـە: جـوولەكان لەوكاتـەوە ڕۆمانـەكان هێرشـیان كـردە سـەر خاكیـان و وڵاتیـان داگیركـردن، و قـەوارەو بوونیـان وەك دەوڵـەت لەنـاو چـوو پەراگەنـدەی هەمـوو دنیـا بـوون، و وەك ئـاردی بـن دڕكیـان لێهـات، هەرچەنـد مالێكیـان

کەوتــە شــارێکەوە.. بــەڵام پەیوەندبوونیــان بەئاینەکەیانــەوە بــووە هــۆی پاراســتنی زمــان وکاڵچەریــان، هیــوادارم میللەتەکــەی ئێمــەش دەســت بەئاینەکەیــەوە بگــرێ، تــا زمانەکــەی لەدەســت نــەدات ولەنــاو میللەتانــی ڕۆژئــاوادا نەتوێتــەوە.

**پرســیاری دووەم:- چــۆن و تاچەنــد بــە گونجــاو شــەرعی دەزانــن مانــەوەی کوردەکانمــان لــە دەرەوەی ووڵات، بەبــێ ســنوردانان بــۆ مانــەوە؟**

**پرســیاری ســێهەم:- مانــەوە لەئەورووپــا بەشــێوەیەکی دیــاری نەکــراو بەبــێ هــۆ {مەبەســت هــۆ خوێنــدن و نەخۆشــییە} تاچەنــد ڕەوایــە؟**

وەڵام:- لەبەرئــەوەی ئــەم دوو پرســیارە لێــك نزیكبــوون و لەنــاو یەکــدا بــوون پێــمان بــاش بــوو بەیــەك وەڵام وەڵامیــان بدەینــەوە: وڵاتانــی نــا ئیســلامی دەبنــە دوو بەشــەوە: بەشــێکیان شــەڕنەکەر، و بەشــێکی تریــان شــەڕکەر. بەهیــچ شــێوەیەك ڕێ نــەدراوە بــە ئینســانی موســڵمان ســەفەر بــۆ ئــەو وڵاتــە نائیســلامییە بــکات کــە ئــاڵای شــەڕی لــەدژی موســوڵمانان هەڵگرتــووە.. بــەڵام بــۆ ســەفەرکردن و مانــەوە لــەو وڵاتانــەدا کەلەجەنــگا نیــن بەرامبــەر موســوڵمانان، زانایــان ڕای جیاوازیــان هەیــە..

بەشــی زۆری زانایانــی ئیســلام - ڕەحمەتــی خوایــان لــێ بــێ- ڕۆیشــتن بــۆ وڵاتانــی نــا ئیســلامی و مانــەوە لــەو وڵاتانەیــان بەحــەرام دانــاوە، بەتایبــەت ئــەو وڵاتانــەی موســوڵمان نەتوانــێ دینەکــەی خــۆی تیــا ئاشــکرابکات، مەگــەر ئــەو کەســانەی کــەدەڕۆن بــە دەلیــل و بەڵگــەوە شــارەزاییان لــە ئاینــی ئیســلامدا هەبــێ، و بتوانــن بەرگــری لەئاینەکەیــان بکــەن،و بتوانــن پەرچــی گومانــی ناحەزانــی ئاینەکەیــان بدەنــەوە، لەبــەر ئــەوە لەناحیــەی شــەرعییەوە، مانــەوە لەوڵاتانــی نــا ئیســلامیدا بــە چەنــد مەرجێــك نەبــێ دروســت نییــە، وەك:

ئـ - : پێویسـتی بازرگانـی، و بانگـەواز،وە نوێنەرایەتـی دەولەتێکـی ئیسـلامی، و گـەڕان بـۆ زانیارییـەك کەلەوڵاتـی ئیسـلامیدا نەبێـت، یـا ئەگـەر ببێـت بەچاکـی و بەباشـی نەبێـت، یـا تـرس لـە مـاڵ و گیـان، یـا تـرس لەزینـدان و ئەشـکەنجەدان... هتـد. بەهـۆی یەکـێ لـەم شـتانەوە دروسـتە مانـەوە لـە وڵاتانـی نائیسـلامی و رۆژ ئـاوادا..

ب- : ئـەو وڵاتـەی کـە مرۆڤـی موسـوڵمان دەیـەوێ تیـا بمێنێتـەوە وڵاتێکـی شـەڕکەر نەبـێ لەگـەل موسـوڵمانانـدا.. وەك پێشـتر باسـکرا..

ج - : ئـەو وڵاتـە ئـازادی ئاینـی تیابێـت.. بەجۆرێکـی وا مرۆڤـی موسـوڵمان بتوانێـت دروشـمە دیارییەکانـی ئاینەکـەی ئەنجـام بـدات..

د- : لەو وڵاتەدا بتوانێ شەریعەتی دینەکەی فێر ببێت..

هـ - : پێـی وابـێ کەدەتوانـێ لـەو وڵاتـەدا پارێـزگاری لەئاینـی خـۆی و ژن و منداڵـی دەکات.

مەرجێکـی تریشـی ئەوەیـە ئـەو مانەوەیـەی لـەو وڵاتـەدا بەنیـازی مانـەوەی کاتـی بێـت نـەك مانـەوەی هەمیشـەیی، واتـە: کاتـێ مەبەسـتەکەی جـێ بەجـێ بـوو، یـا موشـکیلەکەی نەمـا بگەڕێتـەوە، چونکـە ئەگـەر نیـازی ئـەوەی نەبێـت دەبێتـە کۆچکـردن لەوڵاتـی ئیسـلامییەوە بـۆ وڵاتـی نـا ئیسـلامی، ئەمـەش بەئاشـکرا دژی داخـوازی شـەرعە کەپێویسـتە لەوڵاتـی نـا ئیسـلامییەوە کـۆچ بـۆ وڵاتـی ئیسـلامی بـکات.

ئـەو وڵاتـە نائیسـلامییەی ئـەم مەرجانـەی تیـا بێتـەدی دەتوانـێ تیـا بمێنێتـەوە.. دەنـا حەرامـە، و گوناهـی دەگات. لەبـەر ئـەو دەقـە سـەریحانەی بەروونـی مانـەوە لەوڵاتانـی نائیسـلامیدا بـە حـەرام دادەنێـن.(١).

لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ لـە زانایـان پێیـان وایـە: ئەوموسـوڵمانە رەوەنـدەی لـە وڵاتـی ناموسـوڵمانانـدا دەژی ئەگـەر بتوانـێ بەئاسـانی دروشـمەکانی

ئاینەکـەی ئەنجـام بـدات، وە لـەو وڵاتـەدا عیبادەتـی خـوای خـۆی بـکات واجـب نییـە لەسـەری لێـی دەر بچـێ، و دروسـتە مانـەوەی بەپێـی ئـەو فەرمـوودە دروسـتەی ئیبنـو حیببـان بۆمـان دەگێڕێتـەوە، کـە پیاوانـی سەندەکەیشـی متمانـە پێکـراون، پێغەمبـەر صلـى اللـه علیـه وسـلم رێـی بـە {فودەیـك} دا لەنـاو قەومەکەیـا بمێنێتـەوە، لەگـەل ئـەوەدا کـە کافریـش بـوون. وە فەرمـووی: « يَـا فُدَيْـكُ! أَقِـمِ الصَّـلَاةَ وَآتِ الـزَّكَاةَ، وَاهْجُـرِ السُّـوءَ، وَاسْـكُنْ مِـنْ أَرْضِ قَوْمِـكَ حَيْـثُ شِـئْتَ. « (٢) واتـە: ئـەی فودەیـك نوێژەکانـت بکـە، واز لەخراپـە بێنـە، و لەنـاو خاکـی قەومەکەتـا بمێنـەرەوە هەرکاتـێ ویسـتت. لەگـەل ئـەوەدا هۆزەکـەی فودەیـك کافـر بـوون، بۆیـە لەمەزهەبـێ هەرسـێ ئیمامـی حەنەفـی و شـافیعی و حەنبەلیـدا پێیـان وایـە ئەگـەر ئینسـان توانـی دروشـمەکانی ئاینەکـەی بەرێـوە ببـات بەجـێ هێشـتنی ئـەو وڵاتـە واجـب نییـە. بـەلای ئیمامـی مالیـك و زاهیرییەکانـەوە واجبـە.. خـۆ ئەگـەر توانـی بڕواتـە وڵاتێکـی ئیسـلامییەوەو لـەوێ بـژی ئـەوە باشـترە، بـەڵام کاتـێ نەیتوانـی و رێیـان پـێ نـەدا ئەگـەر لەشـوێنی خۆیـا توانـی دروشـمە ئاینییـەکان ئەنجـام بـدات ئیمامـی شـافیعی و مـاوەردی دەفەرمـوون: ئـەوە دروسـت نییـە هـەر بچێتـە دەرەوە، چونکـە وڵاتەکـە لەموسـڵمان چـۆڵ دەبـێ، واتـە: موسـوڵمانی تیـا نامێنـێ.. ئەمیـش کـە ئـەو ئازادییـەی هەبـێ ئەگـەر کەسـانێك بیانـەوێ موسـوڵمان بـبن ئـەو دەتوانـێ لەئیسـلام شـارەزایان بـکات.. ئـەم مەسـەلەیەش بوارێکـی فراوانـی تیایـە، و خوایـش بەپێـی توانـا تەکلیـف دەکات «لا یکلـف اللـه نفسـا إلا وسـعها « خوایـش ئـاگادار تـرە..

ئینجـا دەکرێ بپرسین: ئـەو مانەوەیـە بـۆ چییـە؟ بۆچـی لـە دەرەوەی وڵاتـدا دەمێنێتـەوە؟ چونکـە جـۆری مانەوەکـەی حەرامـی یـا حەڵالییەکـەی دیـاری

دەکات؟ ئەگەر بۆ کار و کاسبییەو دەیەوێ خۆی و کەس و کاری لەهەژاری رزگار بکات، لەهەمانکاتا لەگەڵ خەڵکانێکی پاکی پاك داوێنا بژی، یا بۆ ئەوە لەوێ دەمێنێتەوە رێنوێنی خەڵکی بکات و بەرەوشتی بەرز و وتاری جوانی سەرنجی خەڵکی بەرەو ئیسلام رابکێشێ، بێگومان مانەوەی حەڵاڵە..

خۆ ئەگەر خوا نەخواستە، بۆشتێ هاتووە خواپێی ناخۆش بێ، یا بۆ کاری بێ شەرعی هاتووە، ئەوە نەك هەر لەوێ مانەوەی حەرامە، بەڵکو لەناو ماڵەکەی خۆیشیا، و لەناو خزم وخوێشیا خواو خەڵکی لێ رەنجاوە..

**پرسیاری چوارهەم: - ئامۆژگاری وەیان پێشنیارتان چی یە بۆ ئەو کەسانەی کە مافی پەنابەریان نی یەو ئەم بێ مافی یە بوەتە مایەی دڵگرانیەکی درێژخایەنی خۆی و ماڵەویان، تاچەند خۆ خستنە ئەو دۆخەوە لەگەڵ شەرعدا یەکدەگرێتەوە؟**

وەڵام - : ئەوانەی لە رۆژئاوان و مافی پەنا بەرییان نییە، حوکمی مانەوەیان جیاوازە:

ئـ - : ئەوانەی ژن و مناڵیان جێهێشتووە، و هیچ ئومێدێکی وەرگرتنیان نییە، حەرامە لە شەش مانگ زیاتر بمێننەوە، بەپێی ئەو شوێنەوارەی بەیهەقی و عبد الرزاق ریوایەتیان کردووة.(٣). ئەگەر گوتمان: نان پەیدا کردن و پێویستی نەهێشتنی ماڵ و منداڵیش جۆرێکە لە جیهاد.. چونکە حەزرەتی عومەر ئەو سەربازانەی کەلەناو سوپای ئیسلامدا دەرۆیشتن بۆ غەزا و ژن ومناڵیان هەبوو نەیدەهێشت لە شەش مانگ زیاتر بمێننەوە. ئەی دەبێ خەڵکی تر حوکمی چۆن بێت..؟ یەکێ لەو مافانەی ئافرەت بەسەر مێردییەوە ئەوەیە لەشەش مانگ زیاتر لێی دوور نەکەوێتەوە، لەبەر ئەو شوێنەوارەی بەیهەقی و عبد الرزاق لە

حەزرەتی عومەرەوە ریوایەتیان کردووە: کە عومەر لەحەفسەی کچی دەپرسێ ئەرێ کچم! تا چەند ئافرەت بەبێ مێرد خۆی بۆ دەگیرێ؟ ئەویش فەرمووی: چوار یا شەش مانگ..

هەروەها ئیبنو قودامە لە{موغنی}و لە {شەرح کەبیر}یشدا فەرموویەتی: ئەگەر مێرد سەفەری کرد و زیاد لەشەش مانگ بەجێی هێشت لەدادگای شەرعی داوا پێشکەش دەکات کە مێردەکەی ئاگادار بکەنەوە تا بگەڕێتەوە، ئەگەر بڕو بیانوویەکی مەعقولی نەبێ دەبێ بگەڕێتەوە..

بەڵام ئیمام ئەحمەد ئەوەی بە شەش مانگ دیاری کردووەو فەرموویەتی: ئەگەر شەش مانگ بەجێی هێشت و نەهاتەوە، نامەی بۆ دەنووسرێت، ئەگەر نەگەڕایەوە حاکم جیاوازی دەخاتە نێوانیانەوەو بەحوکمی خۆی تەڵاقی دەدات.. کەوابوو دروست نییە مێرد بەبێ ئیزنی ژنەکەی لە شەش مانگ زیاتر لێی دا ببڕێ.. ئەگەر دابڕا ئەوا ژنەکە داخوازییەك پێشکەش بەقازی دەکات کەبنێرێ بەشوێنیا بۆ ئەوەی بێتەوە، ئەگەر نەهاتەوە قازی فەرمانی پێدەکات تەڵاقی بدات، ئەگەر خۆی تەڵاقی نەدا ئەوا قازی خۆی تەڵاقەکەی دەخات.(٤).

ب- : ئەو کەسانەی ژن و مناڵیان لەتەکایەو لەوێ ماونەتەوەو وەرنەگیراون،و ئومێدی وەرگرتنیشیان نییە، بەڵام ڕێی کارکردنیان پێ دەدەن، و دێڵن مناڵەکانیان لەوێ بخوێنێت، باشترین چارەسەر بۆ ئەمانە ئەوەیە هەوڵێکی باش بدەن بۆ ئەوەی کەمێك پارە کۆ بکەنەوەو پاش ئەوە بگەڕێنەوەو لە وڵاتەکەی خۆیانا کاسبی بکەن.. بەڵام ئەوانەی وەك ئەوان وان و نایەڵن مناڵیان بخوێنێت،و خۆیشیان کاربکەن، ئەوە واجبە لەسەریان بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی خۆیان و مناڵیان نەفەوتێن..

**پرسیاری پێنجەم: - گۆڕینی ڕەگەزنامەو وەرگرتنی ڕەگەزنامەی ئەوروپی تا چەند ڕێگە پێدراوە؟ وە ئایا هیچ مەرجێك هەیە بۆ ئەمە؟**

وەڵام- : زانایان خوایان لێ رازی بێ فەرموویانە: رێسای شەرعی لە بارەی وازهێنان لە رەگەزنامە- ی وڵاتێکی ئیسلامی بۆ وڵاتێکی نائیسلامی- حەرامبوونی ئەو کارەیە.. مەگەر لەبەر ناچاری{ضرورة}، وەك ئەوەی لەسەردەمی سەددامی دیکتاتۆرا بۆ میللەتی کوردو خەڵکی عیراق بەگشتی رووی دەدا، یا حاڵەتێکی وەك ئەو حاڵەی فەلەستینییەکانی تیادەژی.. یا بەرژەوەندییەکی شەرعی، وەك ئەوە کەسێکی لێهاتوو دەچێ بۆبانگێشەو رێنوێنیکردنی خەڵکی بۆ ئیسلام..

ئەگەر ئەو موسوڵمانەی لەوڵاتی خۆیەوە لەترسی ستەم و بێدادی هەڵدێت و روو دەکاتە یەکێ لەوڵاتە رۆژئاواییەکان، دەبێ بەنیازی کاتی لەوێ بمێنێتەوە نەك بۆ هەمیشەیی، هەرکات ئەو ستەم و بێدادییە نەما بگەڕێتەوە سەر خاك و ئاوی خۆی، خۆ ئەگەر ویستی رەگەزنامە بگۆڕێ و رەگەزنامەی ئەو وڵاتە نا ئیسلامییە دەربێنێ، دەبێ ئەومەرجانەی تیا بێتە دی کە لەوەو پێش باسکران.. چونکە مانەوە لەو وڵاتانەدا مەترسییەکی گەورەی تیایە، ئەگەر ناچاری پاڵی پێوە نەنێ رێی پێ نادرێ ئەوکارە بکات، و ناچاریش حوکمی خۆی هەیە.. ئەگەر لەبەر بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی و لەناوبردنی مەفسەدە ئەو کارەیشی کردووە، نابێ خۆی بخاتە ناو مەفسەدەیەکی گەورەترەوە..

**پرسیاری شەشەم: - ئیشکردن و ڕۆشتنە دەرەوەو سەفەرکردنی ئافرەتان بە تەنها لە ئێستەو واقیعی ئەوروپادا تا چەند ڕێگە پێدراوە؟**

وەڵام: ئەسڵ ئەوەیە نان پەیدا کردن بەپیاوان سپێرراوە، و ئافرەتانیش کاری تایبەتی خۆیان پێ سپێرراوە، کە ئەویش کاری ئینسان پێ

گەیاندنـە، وئـەم کارەشیان لای زانایـان و هۆشـمەندان جێـی ڕێـزو حورمـەت و پـێ زانینـە.. بـەڵام ناچـاری ڕوو دەدات و زرووفـی تایبـەت دێتـە پێشـەوە کـە ئافـرەت ناچـار دەبێـت بـۆ کارکـردن بڕواتـە دەرەوە، لـەم حاڵەتانـەدا شـەرع داوای خۆداپۆشـینی لـێ دەکات، و دەبـێ ئـەو ئافرەتـە هـەوڵ بـدات لەشـوێنێکا کار بـکات حورمەتـی پارێزراوبـێ، و سـووکایەتی پـێ نەکـرێ.. بـەڵام بـۆ ڕۆیشـتنە دەرەوەی بـۆ وڵاتێکـی تـرو سـەفەرکردنی بەبـێ کەسێکی مەحـرەم، ئەسـڵ حەرامبوونیەتـی، لەبـەر ئـەو فەرمـوودە سـەحیح و دروسـتەی کـە موسـلیم ڕیوایەتـی کـردووە: « ئافرەتێـك بـاوەڕی بەخـواو ڕۆژی قیامـەت هەبـێ بـۆی حـەڵاڵ نییـە سـەفەرێکی یـەك ڕۆژە ڕێیـی بـکات بـێ ئـەوەی مەحرەمێکـی خـۆی لەتەکیـا بێـت»(٥).

یـا ئـەم فەرمـوودەی کەبوخـاری ڕیوایەتـی کـردووە: « بـا هیـچ ئافرەتێـك بەبـێ مەحـرەم سـەفەر نـەکات.. پیاوێـك هەسـتا و گوتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ناونـووس کـراوم بـۆ فـڵان غـەزا، و خێزانەکەیشـم ڕۆیشـتۆتە دەرەوە بـۆ حـەج، فەرمـووی: بـڕۆ لەتـەك خێزانەکەتـا حـەج بکـە »(٦) ئـەو بـۆ حـەج ڕۆیشـتووە بـە بـێ مەحـرەم پێغەمـەر صلی اللـە علیـە وسلم ڕێـی پـێ نـەدا بەتەنیـا بـڕوات.. مەحرەمەکەیـش دەبـێ یـا یەکـێ لەوانـە بێـت کـە بـۆ هەمیشـە لێـی حەرامـە وەك: بـاوك وکـوڕ، و مـام و خـاڵ، کـوڕە زاو کچـەزا، و بـرازا و خوشـکەزا،هەروەها خـەزوورو بـاوە پیـارە، و ئەمانـەش لەشـیرەوە.. زانایـان یەکـڕان لـەوەدا کـە ئەگـەر ترسـی ئـەوە هەبـوو ئافـرەت تووشـی فیتنـە ببـێ سـەفەرکردنی بەبـێ مەحـرەم حەرامـە، بـەڵام ئەگـەر ترسـی تووشـبوونی فیتنـە نەبـوو ڕایـان جیـاوازە، هەندێـك فەرموویانـە: حەرامـە بەبـێ مەحـرەم هەرچەنـد ئەمینیـش بـێ لەفیتنە..لەبـەر دەقـی ئـەو فەرموودانـەی کـە لەوبارەوە هاتـوون و باسـکران.. جـا ئـەو ئافرەتـەش لاو

بێ یا پییر، هاوڕێی ئەمینی هەبێ یان نە.. هەر پێیان حەرامە.. بەلام بەشی زۆری مالیکی و شافیعییەکان پێیان وایە ئەگەر هاوڕێی ئەمینی هەبوو دروستە بەبێ مەحرەم سەفەر بکات، و شێخ ئیبنو تەیمییەش فتوای بەدروستبوونی داوە، بەڵام تایبەتی کردووە بەسەفەری حەجەوە.. لەم بارەوە فتوایەکی دکتۆر یۆسف قەرزاویم بینی لەراستیدا بۆ چوونێکی تایبەتەو بەڵگەکانیشی بەهێزە، و بۆ بەر چاورونی پێم باشە هەندێکی لێرەدا باس بکەین، شێخ دەفەرموێ:

ئیبنو حەجەر فەرموویەتی: ئەوەی کە لە مەزەبی شافیعیدا مەشهوورە بەمەرج گیراوە مێرد یا مەحرەمێك یا کۆمەڵێ ئافرەتی متمانە پێکراوی لەتەکا بێت، لەقەولێکیا دەفەرموێ: یەك ئافرەتی متمانەشی لەتەکا بێت دروستە. لە قەولێکی ترا کەرابیسی باسی دەکات و لە { المهذب }دا بە دروستی داناوە و فەرموویەتی: ئەگەر رێگە ئەمین بوو ئافرەت بەتەنیا دەتوانێ سەفەر بکات.(٧).

ئەوەی کە لەبارەی سەفەری ئافرەتەوە بۆ حەج و عەمرە گوتراوە - هەروەك هەندێ لە زانایان فەرموویانە- پێویستە ببێتە رێساو یاسایەك بۆ هەموو سەفەرێك، چونکە مەبەست لەو حوکمەدا پاراستنی ئافرەتە، و ئەوەش بە ئەمن و ئاسایشی رێگە و کۆمەڵێ ژنانی متمانە، و پیاوانی بەتەقوا بەدی دێت.. بەڵگەش لەسەر دروستبوونی سەفەری ئافرەت بەبێ مەحرەم لەکاتی ئەمینبوونی رێگەوبان و بوونی کەسانی متمانە پێکراودا ئەمانەیە:

یەکەم: ئەوەی بوخاری لە سەحیحدا ریوایەتی کردووە کە عومەری کوڕی خەتتاب - خوا لێی رازی بێ- رێی بە خێزانەکانی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دا حەج بکەن، و عوسمانی کوڕی عەففان و عەبدوڕڕەحمانی

کـوڕی عەوفـی لەتـەکا نـاردن.. عومـەر وعوسـمان و عەبدوڕڕەحمانـی کـوڕی عـەوف و خێزانەکانـی پێغەمبـەر صـلی اللـه علیـه وسـلم لەسـەر ئـەوە ڕێکەوتـن.(٨). لەگـەڵ ئـەوەدا کەسـێك لەنـاو هاوەڵەکانـدا ئینـکاری ئـەو کارەی نەکـردو نارەزایـی خـۆی دەر نەبـڕی.. ئەمـەش بـە ئیجماعێکـی سـەحابە دادەنـرێ..

دووەم: ئـەو فەرموودەیـەی بوخـاری و موسـلیم لـە عـەدی کـوڕی حاتەمـی تائییـەوە ریوایەتیـان کـردووە کـە لەبـارەی ئاینـدەی ئیسـلام و بڵاوبوونـەوەی ئـەم ئاینـەوە فەرموویەتـی: « نزیکـە ئافـرەت لەکەژاوەکەیـا لـە حیرە{عێـراق} ەوە دەربچێـت، و ڕوو بکاتـە مەککـە و مێردەکـەی لەتـەکا نەبـێ، و لەهیـچ شـتێکیش نەترسـێ جگـە لـە خـوا و ... تـا کۆتاییەکـەی. »(٩) یوشـك أن تخرج الظعينـة مـن الحـيرة (بالعـراق) تـؤم البيـت لازوج معهـا، لا تخـاف إلا الله...الـخ ». ئـەم هەواڵـەی پێغەمبـەر صـلی اللـه علیـه وسـلم تەنیـا بـۆ ئـەوە نییـە کـە ئەمـە ڕوودەدات، بەڵکـو بەڵگەیـە لەسـەر دروستبوونیشـی، چونکـە لـە شـوێنی مـەدح و تەعریفـا بـاس کـراوە، کـە ئیسـلام بـڵاو دەبێتـەوەو دادگـەری ناوچەکـە دەگرێتـەوە و ئاسـایش باڵـی دەکێشـێ بەسـەر خەڵکیـدا..

پێویسـتە ئـەوەش بڵێیـن: سـەفەرکردن لـەم سـەردەمەدا وەك سـەفەرکردن نییـە لەسـەردەمە پێشـینەکاندا، کـە چـوار دەوری بەمەترسـی گیرابـوو، دەبوایە بـەرزی و نشـیوی و دەشـت و هـەوراز و بیابـان و چـۆڵ ببـڕێ و قابیلـی ئـەوە بـوو کـە هەرسـەعاتێك دزو چەتـەو پیاوخـراپ ڕێگەیـان پـێ بگـرن، ڕووتیـان بکەنـەوەو ئازاریـان بـدەن. بەڵکـو ئێسـتا سـەفەر بەهـۆی کۆمەڵـێ کەرەسـەی پێشـکەوتووەیە، کـە عادەتـەن خەڵکێکـی زۆر هەڵدەگرێـت، وەك کەشـتی، و ترومبێـل، و فڕۆکـە، پاسـی گـەورە و پچـووك، کـە بـەکاروان دەڕۆنـە دەرەوە، ئەمـەش وادەکات دڵنیایـی و متمانـەی زیاتـر هەبێـت، و تـرس

لەسـەر ئافـرەت نەمێنـێ، چونکـە لەهیـچ شـوێنێکا بەتەنیـا نابـێ..
لەبەر ئـەوە هیچ حەرەجێکـی تیا نابینـم کـە ئافـرەت لـەو بـارو دۆخـەدا حـەج بـکات کەهەمـوو ئەمـن و ئاسایشـێکی تیـا بـەدی دەکرێـت.. تەوفیقیـش لەخواوەیـە.(١٠).

**پرسـیاری حەوتهـەم: - کەمتەرخەمـی کوردەکانمـان لـە نەکردنـی حـەج لەگـەڵ توانـادا بـە هـۆی سـەفەری کوردسـتانەوە، تاچەنـد ئـەم عـوزرە وەرگیـراوە لـە شـەرعدا؟**

وەڵام : بێگومـان کەمتەرخەمـی لـە دوا خسـتنی بەجێهێنانـی واجبێـك لـە واجباتـە گـەورەکان کـە پایەیەکـی گـەورەی ئیسـلامە،و خـوا بەدەقـی ئایـەت لەبارەیـەوە فەرموویەتـی: « وَلِلَّـهِ عَـلَى النَّـاسِ حِـجُّ الْبَيْـتِ مَـنِ اسْـتَطَاعَ إِلَيْـهِ سَبِيلاً... « آل عمـران/٩٧. واتـە: ئـەوەی توانـای هەبـێ خـوا حەجـی لەسـەر پێویسـت کـردووە... شـتێکی کـەم نییـە، و پێویسـتە ئینسـانی موسـوڵمان لەوبـارەوە کەمتـەر خـەم نەبێـت.. بـەڵام ئایـا ئەوانـە دەیانـەوێ حەجەکـە نەکـەن، یـا لەنێتیانـدا هەیـە حەجەکـە بکـەن، بـەڵام هـەرکات بۆیـان ڕێکـەوت؟.

ئەگـەر دەیانـەوێ حەجەکـە هـەر نەکـەن، ئـەوە بەهەمـوو مەزهەبێـك گوناهباردەبـن.. بـەڵام ئەگـەر بەنیازبـن حەجەکـە بکـەن و بـۆ هەلێـك بگەڕێـن کـە بۆیـان بلـوێ.. ئـەوە رای زانایـان دەبێتـە دوو بەشـەوە :
جمهووری زانایان پێیـان وایە کە: حـەج پێویسـتە دوانەخـرێ، هـەر لەوکاتەدا توانـای هەبـوو بـڕوات(١١)، لەبـەر ئـەو فەرمـوودە خواییـە کـە دەفەرمـوێ: "وَلِلَّـهِ عَـلَى النَّـاسِ حِـجُّ الْبَيْـتِ مَـنِ اسْـتَطَاعَ إِلَيْـهِ سَـبِيلاً "(١٢) واتـە: ئـەوەی توانـای هەبـێ خـوا حەجـی لەسـەر پێویسـت کـردووە... هەروەهـا ئـەم ئایەتـەش: " وَأَتِمُّـوا الْحَـجَّ وَالْعُمْـرَةَ لِلَّـهِ "(١٣) واتـە: حـەج و عومـرە بـۆ

ڕەزامەنـدی خـوا تـەواو بکـەن.. ئەمـە فەرمانـە و فەرمانیـش بـۆ خێرایـی و گورجییـە، هەروەهـا لەبـەر ئـەو فەرموودەیـەش کـە لـە ئیبنـو عەباسـەوە ریـوات کـراوە کـە پێغەمبـەر صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ فەرموویەتـی: " تَعَجَّلُـوا إِلَى الْحَـجِّ فَـإِنَّ أَحَدَكُـمْ لَا يَـدْرِي مَـا يَعْـرِضُ لَـهُ "(١٤). واتـە: پەلەبکـەن بـۆ حـەج کـردن، چـون کەسـێ لەئێـوە نازانـێ چـی بـۆ پێـش دێـت.. پێشـەوای زاهیرییەکانیـش هەمـان رای جمهـووری هەیـە و پێـی وایـە دواخسـتنی حـەج بەبـێ هۆیەکـی پەسـەند گوناهـەو گـوێ نەدانـە بـە فەرمانـی خـوا (١٥).

بـەڵام شـافیعییەکان فەرموویانـە: بـەدوا خسـتنی گوناهبـار نابـێ بـەدوو مـەرج: عەزمـی تـەواوی هەبـێ کـە لـە داهاتـوودا دەچێـت بـۆ حـەج، بەپێـی عادەتـی تاحەجەکـە ئەنجـام دەدات تیـا چوونیشـی نزیـك نەبێـت(١٦). بەڵگەشـیان ئەوەیـە کـە حـەج لەسـاڵی شەشـەمی کۆچیـدا فەرزکـراوە،و پێغەمبـەر صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ لەرەمەزانـی سـاڵی هەشـتەمی کۆچیـدا مەککـەی رزگارکـرد، لـەو ساڵەیشـدا حەجـی نەکـرد، و لەسـاڵی هەشـتەما خەڵکـی حەجیـان کـرد، و پێغەمبـەر صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ لەمەدینـە نیشـتەجێ بـوو، خـۆی و خێزانەکانـی و بەشـی زۆری هاوەڵەکانـی.. هەروەهـا لەسـاڵی نۆیەمـی کۆچیشـدا پێغەمبـەر صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ ئەبوبەکـری نـارد تـا حـەج بەخەڵکەکـە بـکات، و پێغەمبـەر و بەشـی زۆری هاوەڵەکانـی لەمەدینـەدا بـوون، لەگـەڵ ئـەوەدا کەتوانایـان هەبـوو،وە بـە جەنـگ وجیهادیشـەوە سـەرقاڵ نەبـوون.. پاشـان لەسـاڵی دەیەمـی کۆچیـدا پێغەمـەر صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ حەجـی کـرد کـە بەحەجـی ماڵئاوایـی نـاو دەبرێـت.. ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە دواخسـتنی حـەج بـەو دوو مەرجـە: گوناهباربوونـی تیـا نییـە. ئەمـە رای محمـدی کـوڕی حەسـەنە لەنـاو حەنەفییەکانـدا، و رای مەشـهووری ئیـمام مالیکیشـە.

.(١٧)

مـن وام پـێ باشـتره کـه بەپێـی توانـا دوای نەخـات تـا بـەر هەڕەشـەی ئـەم ئایەتـە نەکەوێـت کـە خـوا ڕوو بەئیمانـداران دەفەرموێـت: " يَـا أَيُّهَـا الَّذِيـنَ آمَنُـوا لا تُلْهِكُـمْ أَمْوَالُكُـمْ وَلا أَوْلادُكُـمْ عَـنْ ذِكْـرِ اللَّـهِ وَمَـنْ يَفْعَـلْ ذَلِـكَ فَأُولَئِـكَ هُـمُ الْخَاسِرُونَ " المنافقـون/٩. واتـە: ئـەی ئیمانـداران! ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە، بـا مـاڵ و منداڵتـان بەهیلاکتانـا نەبـات، و لەیـادی خـوا دواتـان نەخـات.. ئەوانـەی دوا دەکـەون زیـان لـێ کەوتـوو و زەرەرەومەنـدن..

**پرسـیاری هەشـتهەم: - ئیـش کـردن بـە ڕەش وەیـان بەناوێکـی جیـاوازەوە تاچەنـد دروسـتە؟**

وەڵام : ئیشکردن بەرەش دوو زیانی گەورەی هەیە:

یەکەمیـان: حەرامـە، چونکـە دەوڵـەت بۆیـە ئـەو پارەیـە بـەو کەسـە دەدات کـە بـە بێـکارەی دەزانـێ و دەیەوێـت بـەو یارمەتییـە لـە سـواڵکردن بیپارێـزێ، دەنـا ئـەو نایەوێـت بـەو یارمەتییـە دەوڵەمەنـد و بـێ ئیحتیاجـی بـکات.

دووەمیـان: ئەوکەسـە کاتـێ دەبێتـە پەنابـەر لـەو وڵاتـەدا پەیـمان و بەڵێـن دەدات کـە خیانـەت بـەو وڵاتـە نـەکات، و یاسـای ئـەوێ نەشـکێنێ، و مـادام ئـەو یاسـایەش پێچەوانـەی شـەرع نەبـێ دژایەتـی کـردن و موخالەفـەی دروسـت نییـە، چونکـە پێغەمبـەر صـلى اللـه عليـه وسـلم فەرموویەتـی:" المسـلمون عنـد شروطهـم فيـما أحـل. " رواه الطـبراني. واتـە: موسـوڵمانان لەسـەر مەرجـی خۆیانـن لەوشـتانەدا کـە خـوا حەڵاڵـی کـردووە.

سـێهەمیان: ئـەو بەڵێنـی داوە کـە درۆیـان لەگـەل نـەکات.. وە ئەگـەر بڵێـت کار دەکـەم یارمەتییەکـەی نادەنـێ.. و پێیشـی بزانـرێ سـومعەی خاوەنەکـەی دەشـکێنێ.. نـەك هـەر خاوەنەکـەی بەتەنیـا، بەڵکـو سـومعەی ئـەو نەتـەوەو ئاینـەش دەشـکێنێ کـە ئـەو هەیەتـی،و بەهـۆی

ئـەوکارەی ئـەوەوە ناشـیرین دەبـن..
ئـەوەی ئـەو یارمەتییـە وەردەگـریَ بەهیـچ شـێوەیەك دروسـت نییـە ئەگـەرکار بـکات کارەکەیـان لـیَ بشـارێتەوە، و بـە نـاوی ئـەوەوە کەئەمـە دەوڵەتێکـی نائیسـلامی و کافـرە درۆیـان لەتـەکا بـکات، چونکـە باکافریـش بـیَ تۆ بـە شـەرت و شرووتـیَ رۆیشـتوویتە ئـەو وڵاتـەوە، دەبـیَ ئـەو شـەرت و شروتانـەی خـۆت بەجـیَ بێنـیَ بالەگـەل کافریشـا بێـت..
هەندێـك هـەن دەڕۆن بـۆ ئـەو سـەنتەرانەو دەنووسـن کـە ئـەوان لەگـەلَ ژنەکانیـان لەیـەك جیابوونەتـەوە بـۆ ئـەوەی یارمەتـی زیاتـر وەربگـرن، ئەوپارەیـەش حەرامـە و بەهیـچ شـێوەیەك دروسـت نییـە وەرگرتنـی.. چونکـە بـە فێـڵ و گـزی وەردەگیرێـت، و هەرچیـش بەفێـڵ و گزیکـردن پەیابکـریَ حەرامـەو شـەرع نەهـی لێکـردووە، و پێغەمبەریـش صلـی اللـه علیـه وسـلم هەرەشـەیەکی گـەورەی لـەو کەسـانە کـردووە کـە فێـڵ و گـزی دەکـەن ..
**پرسـیاری نۆهـەم: - زۆرێـك مافـی ئـەوەی پـیَ نـەدراوە کـە خێـزان بهێنێـت، تاچەنـد دروسـتە خێزانـی بەکەسـێکی تـر کـە ئـەو مافـەی پێـدراوە بهێنێـت بەپـارە؟ و ئایـا ئـەو پـارە دروسـتە بـۆ ئـەو کابـرای کـە هەسـتاوە بـەم کارە؟**
وەڵام : ئـەوەی مافـی پـیَ نـەدراوە خێزانـی ببـات، ئەگـەر خێزانەکـەی بـە پـارە ببـات و مافـی کەسـێکی تـری پـیَ زەوت بـکات، بێگومـان ئـەوە کارێکـی نارەوایـەو زولمـە لـە مـاف پێدراوەکـە، چونکـە ئـەوی لـیَ بـیَ بـەش دەبێـت.. هەروەها: کارێکـی نادروسـتە چونکـە بـە فێـڵ وگـزی کارەکـە ئەنجام دەدات.. ئـەو کابرایـەش کـە ئـەوکارەی کـردووە و پـارەی پـیَ وەرگرتـووە دووبـارە کارێکـی نـارەوای کـردووە چونکـە لەسـەر بنچینـەی فێـڵ وگزییـەوە کارەکـەی کـردووە.. و ئەگـەر دەوڵـەت پێیـان بزانـیَ جەریمـە دەکرێـن و سـزا دەدرێـن.. لەبـەر ئـەوە باشـترین وەسـیلە ئەوەیـە کـە ئەگـەر خـۆی رێـی پـیَ درابـوو دەعـوەت

نامـه بـۆ خێزانەکـەی بنێـرێ بەشـێوەیەکی رەسـمی.. و بەرێـز و حورمەتـەوە دەگاتـە لای و نیـو ئەوەنـدەش پـارەی تـێ ناچـێ..

**پرسـیاری دەهـەم: - وەرگرتنـی پـارەی بەنـك بـۆ خانـوو کڕێـن کـە ئاشـکرایە سـوی دەچێتـە سـەر بەچـی شـێوەیەك ڕێگـە پێـدراوە؟**

وەڵام: بانقـی ئیسـلامی کاتـێ دەیـەوێ شـتێك بـۆ یەکێـك بکرێـت بەسیسـتەمی مورابەحـە مامەڵـە دەکات، بـەڵام بانقـی ریبـەوی بەقـەرزی سـوودار مامەڵـەدەکات، ئـەم دوانەیـش فـەرق و جیاوازییەکـی زۆریـان هەیـە..

بـۆ نمونـە: کڕینـی ترومبیـل یـا خانـوو لـە رێگـەی بانقـەوە بـە دوو شـێوە دەبیـت: یەکێکیـان ئەوەیـە: بانـق خانـوو یـا ترومبێلەکـەت راسـتەو خـۆ بـۆ دەکڕێـت، و پاشـان پێـت دەفرۆشـێتەوە بـە نرخێکـی بەرزتـر بـە قیسـتی مانگانـە یـا سـالانە.. ئەمـە لەشـەرعا دروسـتەو پێـی دەگوتـرێ: بەیعـي وادەدار، و مورابەحـە، و ئیسـتا لـە بانقـە ئیسـلامییەکانا بـەزۆری کار بـەم جۆرەیـان دەکـەن..

دووەمیـان ئەوەیـە: بانـق راسـتەو خـۆ بـۆت ناکـڕێ، بەڵکـو پارەکـە بەخـۆت دەدات خـۆت بیکڕیـت، یـا لەوەکالەتـی تـۆوە دەیکـڕێ، بـەلام پێـت ناڵـێ ئـەوا مـن بـۆم کڕیـت و پێـت دەفرۆشـمەوە، بەڵکـو پێـت دەڵـێ: ئـەم پارەیـەم بەقـەرز پـێ دایـت و سـوودی سـالانەی ئەوەنـدە و ئەوەندەیـە،و پێیشـت دەڵێـت: هـەرکات قازانج{ئێنترێسـت} زیـادی کـرد مـن ئـەم رێژەیـە لەسـەر تـۆ زیـاد دەکـەم، هەرکاتێکیـش کـەم بـووەوە لەسـەرت کـەم دەکـەم.. ئەمـە پێـی دەگوتـرێ: سـوود و ریبـەوی و حەرامـە..

جیـاوازی نێـوان ئـەم دوانـە ئەوەیـە: یەکەمیـان کڕیـن و فرۆشـتنە و پـێ دەگوتـرێ: معامەلـەی وادە دار.. هـی دووهەمیشـیان تەنیـا پارەدانـە

بەقەرزێکی قازانجدار، ئەمەش ریبایەو ئەوەیە کە لە بانقە سووداره‌کاندا کاری پێ دەکەن.. خوایش کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووه، و ریباو سوودی حەرام کردووه:" ... وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا..." البقرة/ ٢٧٥. "

خوا ئاگادارتره

والسلام عليكم

حەسەنی پێنجوێنی

سلێمانی / هەرێمی کوردستان

١٣ /موحەرەمي/١٤٣٠

٢٠٠٩/ ١/ ١٠

پەراوێزەکان:

(١) وەك ئەم ئایەتە کە هەڕەشە لەو ئیماندارانە دەکات کە لەخاکی نائیسلامیدا ماونەتەوەو تووشی فیتنە بوون:" إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلائِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنْتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا، إِلَّا الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ لا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلا يَهْتَدُونَ سَبِيلاً، فَأُولَئِكَ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكَانَ اللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا" النساء/٩٧- ٩٩.

(٢)صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان: ٢٠٢/١١. محمد بن حبان بن أحمد أبو حاتم التميمي البستي،الأحاديث مذيلة بأحكام شعيب الأرنؤوط عليها.

(٣) أَخْبَرَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ الْحَافِظُ حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ حَمْشَاذ الْعَدْلُ حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِسْحَاقَ الْقَاضِى حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ أَبِى أُوَيْسٍ حَدَّثَنِى مَالِكٌ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ دِينَارٍ عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ : خَرَجَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَضِىَ اللَّهُ عَنْهُ مِنَ اللَّيْلِ فَسَمِعَ امْرَأَةً تَقُولُ: تَطَاوَلَ هَذَا اللَّيْلُ وَاسْوَدَّ جَانِبُهُ وَأَرَّقَنِى أَنْ لاَ حَبِيبٌ أُلاَعِبُهُ فَوَاللَّهِ لَوْلاَ اللَّهُ إِنِّى أُرَاقِبُهُ تَحَرَّكَ مِنْ هَذَا السَّرِيرِ جَوَانِبُهُ. فَقَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَضِىَ اللَّهُ عَنْهُ لِحَفْصَةَ بِنْتِ عُمَرَ رَضِىَ اللَّهُ عَنْهُمَا : كَمْ أَكْثَرُ مَا تَصْبِرُ الْمَرْأَةُ عَنْ زَوْجِهَا؟ فَقَالَتْ : سِتَّةَ أَوْ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ. أخرجه البيهقي في سننه الكبرى، كتاب السير/ باب الإِمَامِ لاَ يُجَمِّرُ بِالْغُزَّى: ٢٩/٩. واتە: حەزرەتی عومەر شەوێك رۆیشتە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانێ

لەناو شارا چی هەیە؟ گوێی لێ بوو ئافرەتێك بە ئاوازەوە دەیگوت: ئەم شەوە درێژەی كێشا، و تاریكی باڵی بەسەر هەموو لایەكدا كێشاوە، و خەوی لێ زڕاندووم،و خۆشەویستەكەیشم لەپەنامــا نییە تا یاری لەتەكا بكەم، سوێند بەخوا ئەگەر ترسی خوا نەبوایە لەسەر ئەم جێگەیە ئەملا و لاكەی دەبزوایەوە..

(٤) الشرح الكبير لابن قدامة المقدسي: ١٤٠/٨. و المغني لابن قدامة المقدسي: ١٤٣/٨.

(٥)"لَا يَحِلُّ لامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ باللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ أَنْ تُسَافِرَ مَسِيرَةَ يَوْمٍ إِلَّا وَمَعَهَا مَحْرَمٌ " كتاب الحج/ باب سَفَرِ الْمَرْأَةِ مَعَ مَحْرَمٍ. واتە: ئافرەتێك باوەڕی بەخواو ڕۆژی قیامەت هەبێت بۆی حەڵاڵ نییە بەبێ مەحرەم ڕۆژە ڕێیەك سەفەر بكات. أخرجه مسلم في كتاب الحج/ باب سفر المرأة مع محرم: ١٠٣/٤.

(٦)" لَا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بامْرَأَةٍ، وَلا تُسَافِرَنَّ امْرَأَةٌ إِلا وَمَعَهَا مَحْرَمٌ، فَقَامَ رَجُلٌ فَقَالَ: يَارَسُولَ اللَّهِ اكْتُتِبْتُ في غَزْوَةِ كَذَا وَكَذَا، وَخَرَجَتِ امْرَأَتِي حَاجَّةً، قَالَ:اذْهَبْ فَحُجَّ مَعَ امْرَأَتِكَ. " أخرجه البخاري في كتاب الجهاد والسير/باب من اكتتب في جيش فخرجت امرأته حاجة: ١٠٩٤/٣. و مسلم في كتاب الحج/ باب سفر المرأة مع محرم: ١٠٤/٤.

(٧) والمشهور عند الشافعية اشتراط الزوج أو المحرم أو النسوة الثقات وفي قول تكفى امرأة واحدة ثقة وفي قول نقله الكرابيسي وصححه في المهذب تسافر وحدها إذا كان الطريق امنا وهذا كله في الواجب من حج أو عمرة وأغرب القفال فطرده في الأسفار كلها واستحسنه الروياني قال الا أنه خلاف النص. فتح الباري: ٧٦/٤

(٨) أخرجه البخاري في أبواب الإحصار وجزاء الصيد/باب حج النساء. وهذا نصه: {١٧٦١}- وقال لي أحمد بن محمد: حدثنا إبراهيم، عن أبيه، عن جده: أذن عمر رضي الله عنه لأزواج النبي صلى الله عليه وسلم في آخر حجة حجها، فبعث معهن عثمان بن عفان وعبد الرحمن ابن عوف.

(٩) أخرجه البخاري في كتاب المناقب/ باب: علامات النبوة في الإسلام. وهذا نصه: حدثني محمد بن الحكم: أخبرنا النضر: أخبرنا إسرائيل: أخبرنا سعد الطائي: أخبرنا محل بن خليفة، عن عدي بن حاتم قال: بينا أنا عند النبي صلى الله عليه وسلم إذ أتاه رجل فشكا إليه الفاقة، ثم أتاه آخر فشكا قطع السبيل، فقال: (يا عدي، هل رأيت الحيرة). قلت: لم أرها، وقد أنبئت عليها، قال: (فإن طالت بك الحياة، لترين الظعينة ترتحل من الحيرة، حتى تطوف بالكعبة لا تخاف أحدا إلا الله – قلت فيما بيني وبين نفسي: فأين دعار طيء الذين قد سعروا في البلاد – ولئن طالت بك حياة لتفتحن كنوز كسرى). قلت: كسرى بن هرمز؟ قال: (كسرى بن هرمز، ولئن طالت بك حياة، لترين الرجل يخرج ملء كفه من ذهب أو فضة، يطلب من

يقبلـه فـلا يجـد أحـدا يقبلـه منـه، وليلقـين اللـه أحدكـم يـوم يلقـاه، وليـس بينـه وبينـه ترجـمان يترجـم لـه، فيقولـن: ألم أبعـث إليـك رسـولا فيبلغـك؟ فيقـول: بـلى، فيقـول: ألم أعطـك مـالا وولـدا وأفضل عليـك؟ فيقـول: بـلى، فينظـر عـن يمينـه فـلا يـرى إلا جهنـم، وينظـر عـن يسـاره فـلا يـرى إلا جهنـم). قـال عـدي: سـمعت النبـي صـلى اللـه عليـه وسـلم يقـول: (اتقـوا النـار ولـو بشـق تمـرة، فمـن لم يجـد شـق تمـرة، فبكلمـة طيبـة). قـال عـدي: فرأيـت الظعينـة ترتحـل مـن الحـيرة حتـى تطـوف بالكعبـة لا تخـاف إلا اللـه، وكنـت فيمـن افتتـح كنـوز كـسرى بـن هرمـز، ولـئن طالـت بكـم الحيـاة، لـترون مـا قـال أبـو القاسـم صـلى اللـه عليـه وسـلم: (يخـرج مـلء كفـه).” أخرجـه البخـاري في كتـاب المناقـب/ بـاب: علامـات النبـوة في الإسـلام.

(10) http://www.moheet.com/show_news.aspx?nid=197808&pg=7 السـبت 22 ذو الحجـة 1429 – 20 ديسـمبر 2008

(١١) فتـح القديـر ٢ / ٢٧٥ . ابـن عابديـن ٢/ ١٤٠، والدسـوقي ٢ / ٢، وكشـاف القنـاع ٢ / ٣٧٧، والمغنـي ٣/ ٢٤٢ .

(١٢) سورة آل عمران / ٩٧ .

(١٣) سورة البقرة / ١٩٦.

(١٤) أخرجه أحمد (١ / ٣١٤ – ط الميمنية ) والحاكم (١/ ٤٤٨ – ط دائرة المعارف العثمانية ) بلفظ مقـارب مـن حديـث ابـن عبـاس، وصححـه ووافقـه الذهبـي. وفي تعليقـه عـلى مسـند أحمـد قـال شـعيب الأرنـاؤوط : هـذا حديـث حسـن. ٢٥٩/٢٨.

(١٥) المحلى لابن حزم: ٢٧٣/٧.

(١٦) المجموع ٧ / ١٠٣- ١٠٤.

(١٧) المصدر السابق.

## د حەسەن لەچەند دێڕێکدا:

ناو: حەسەن پێنجوێنی

-لەدایک بووی ساڵی ١٩٤٩ /پێنجوێن/ سلێمانی

-لەخێزانێکی ئیسلامدۆستی نیشتمان پەروەردا لەدایک بووە.. دەرچووی زانکۆی بەغدایە، و لەساڵی ١٩٧٧بەکالۆریۆسی لە زانیارییە شەرعییەکاندا وەرگرتووە.

-لەساڵی ١٩٨٦دا بەهۆی نەڕۆیشتنی بۆ جەیشە شەعبی فەرمانی لابردنی لەمامۆستایی دەرچووە.

-لەساڵی ١٩٨٧دا شەش مانگ زیاتر بێ سەرو شوێن دەکرێت، پاش بەسەربردنی شەش مانگ لە زیندانە تاك نەفەرییەکانی رژێمی بەعسی سۆشیالیستا دەدرێت بە {بەناو} دادگای شۆڕش و هیچی لەسەر ئیسپات نابێ..

-هەر لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٧ دا جارێکی تر سیخوڕەکانی رژێم دێن بەشوێنیا، بەڵام بەردەست ناکەوێ، و بەماڵ ومنداڵەوە بەرەو سنوور هەڵدێت، و بۆماوەی دووساڵ لەکوردستانی ئێران دەمێنێتەوە..

-لە ساڵی ١٩٩٢دا بڕوا نامەی ماجستێر لە زانیارییەکانی فەرموودەدا بە پلەی ئیمتیاز وەر دەگرێت، و بۆ ماوەی ٣ساڵ لە زانکۆی ئێنتەرناشنال ئیسلامیك ی ئیسلام ئاباد دەرس دەڵێتەوە.

-هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی فەرمودەدا.

-یەکێکە لە نووسەرە ئیسلامییەکانی کوردستان، و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر نووسین و وەرگێڕاوی لەبوارە جیاجیاکانی رۆشنبیری ئیسلامیدا پێشکەش کردووە..

-خێزاندارەو خاوەنی شەش منداڵە: سێ کوڕو سێ کچ.

# پێڕست

پێشەکی ئامادەکار------------------------------------------------------------٣
دەستپێك-----------------------------------------------------------------٤
پرسیاری یەکەم------------------------------------------------------------٦
پرسیاری دووەم------------------------------------------------------------٧
پرسیاری سێهەم------------------------------------------------------------٧
پرسیاری چوارهەم---------------------------------------------------------١٠
پرسیاری پێنجەم-----------------------------------------------------------١٢
پرسیاری شەشهەم---------------------------------------------------------١٢
پرسیاری حەوتهەم---------------------------------------------------------١٦
پرسیاری هەشتهەم---------------------------------------------------------١٨
پرسیاری نۆهەم-----------------------------------------------------------١٩
پرسیاری دەهەم-----------------------------------------------------------٢٠
پەراوێزەکان--------------------------------------------------------------٢١
د حەسەن لەچەند دێڕێکدا--------------------------------------------------٢٤

کۆچکردن پیشەیەکی کۆنی مرۆڤایەتیە کە بۆ مەرامی جۆراو جۆر هەر لە مێژەوە کراوە هەربۆیە دەبینین دەستوورو ڕێنومایی تایبەتی خۆشی هەیە لە گشت وولاتاندا، بەڵام بەهۆی دۆخی جۆراو جۆرو هەندێك جار نالەبارەوە زۆرێك لە ڕاستیەکان پشتگوێ دەخرێت، ئێمە بە ئیشی خۆمانمان زانی ڕووی شەرعی ئەو کۆچکردنانەی کە لە کۆتایی سەدەی ڕابوردوو سەرەتایی سەدەی تازەوە وەك دیاردەیەك گەنجانی وولاتەکەمانی گرتەوە بخەینە ڕوو، وەك بەرچاو ڕوونیەکی شەرعی و هەتا یاساییش کە چۆن ژیان بگوزەرێنن لە وولاتانی نا ئیسلامیداو چاویان لە چ بێت لە داهاتوودا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو کەس و لایەنانەی کە مافیان دەکەوێتە سەریەك.

# پەیامی غەریبی

ئامادەکردنی:
قیبلە